

# باســـیمە:

# جوانی مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی گۆرانیبێژ نییە، بەڵکو تەواوکارە

*باسیما یەکێکە لە خانمە هونەرمەندە لوبنانییەکان کە خاوەن دەنگێکی بەهێز و گاریگەرە بە ســتایل و شــێوازی گۆرانی تایبەت بە خــۆی بەناوبانگە و، بەوە ناســراوە کــە گۆرانییەکانــی پڕاوپڕن لە رۆمانسیەت کە ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی لــە هونەرمەندەکانی تــری هاوتەمەنی خۆی جیای کردۆتەوە، باســیما بە گۆرانی (دوینی دوب) زیاتر لە لایەن جەماوەرە ناسرا، زۆر دەرناکەوێت، بەڵام هەر کاتێك دەرکەوت ئەوا بــە بەرهەمێکی نایاب و کاریگەر جەماوەر بەسەر دەکاتەوە.*

*لە پەیوەندییەکدا باســیما بەم شــێوەیە وەڵامی پرســیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.*

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**
Xalil2001@yahoo.com

*** چ جــۆرە شــێوازێکی گۆرانــی و مۆســیقا زیاتر لەگــەڵ تۆدا دەگونجێ؟**

- یەکێك کە بە خۆی بڵێ هونەرمەند پێویستە لە هەموو شێوازەکانی گۆرانی میللەتی خۆی شــارەزایی هەبێت تەنانەت زۆر جار پێویســتە بە زمانی تریش گۆرانی بڵێ.

*** هونەرمەند چۆن دەتوانێت بەردەوام بێت؟**

- من دەڵێم مرۆڤی ســەرکەوتوو نەك تەنها هونەرمەند پێویســتە بەوە هەیە هەمیشە لە مەیدانی ژیاندا لە هەوڵ و کۆشــش و خەبات بەردەوام بێت، بۆ هونەرمەندیش زۆر گرنگە کە بەردەوام هەوڵ بدات کاری نوێ و جوانتر پێشــکەش بکات نەك لەسەر سەروەرییەکانی رابردووی بژیت، چونکە جەماوەر هەمیشە پێویستی بە شتی نوێتر هەیە.

*** بۆچی لەنێو کەســانی نــاودار هەمیش گیرو گرفت و ناخۆشــی هەیە؟**

- بەڕای من هۆکاری گرفتی نێوان هونەرمەندانیش بۆ ســەرکەوتنی ئــەو هونەرمەندانە دەگەڕێتــەوە لە لایەنی جەماوەرییــەوە، بۆیە هەر هونەرمەندێــك ئەگەر رای خۆی بەرامبەر بــە هونەرمەندێکی دیکە دەرببڕێت بچوکترین قســەی دەقۆزرێتەوە لە دەزگاکانی راگەیاندن و دەبێتــە هۆکاری ئەوەی هونەرمەندەکان خۆی باســی لێوە بکەن و تا قسەکە راست دەکرێتەوە قسەی زیاتریش دەکرێ، ئەگینا من پێم وایە هەر هونەرمەندێك خاوەن جەماوەری تایبەتی خۆیەتی و کەســیش ناتوانی جەماوەری کەسی تر بۆ لای خۆی ببات.





*** ڕاستە جوانی مەرجێکە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەندی ئافرەت؟**

- نەخێر جوانی بە هیچ شێوەیەك مەرج نییە بەڵکو زۆر جار وەك تەواوکەرێکە.

*** هونەرمەندچۆن سەرکەوتوو دەبێت؟**

- بەر لە هەموو شتێك دەبێ باس لەوە بکەین کە هونەر چەند بوار و جۆرێکی جیاوازی هەیە وەك شێوەکار سینەما شانۆ و هتد و هەر یەکێکیان مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، بەڕای من هونەرمەندی گۆرانیبێژی سەرەکیترین مەرجی دەنگخۆشییە پێویستە خاوەن دەنگێکی خۆش بێت، هەروەها چۆنیەتی دەرکەوتنی لەبەردەم جەماوەر و چۆنیەتی خۆ نزیك کردنەوە لە جەماوەریش زۆر گرنگە، لە هەموویشی گرنگتر بەلای منەوە کەسایەتی هونەرمەندە کە دەبێ ڕێز لە دابونەریت و جەماوەری خۆی بگرێت.

*** هیچ جارێك هەبووە قسەیەکی ناڕاست دەربارەی تۆ کرابێت و زۆر کاریگەری بەسەر تۆوە هەبووبێت؟**

- هونەرمەند کە ناوبانگی دەرکرد دەبێ هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بکات قسە و پروپاگەندەی سەیری دەربارەی دەکرێ کە زۆریان دوورن لە ڕاستی تەنانەت باس لەژیانی تایبەتیشی دەکەن، بێگومان منیش یەکێکم لەوانەی کە قسەم دەربارەی کراوە، بەڵام گوێم پێنەداوە.

*** هونەرمەندان و کۆمپانیاکان چۆن دەتوانن سوود لە یەکتری وەربگرن و هونەر پێش بخەن؟**

- لەم سەردەمەی ئێستادا مۆسیقا بووەتە پیشەسازییەکی گرنگ، پیشەسازی مۆسیقاش کارێکی هاوبەشی بەیەکەوە بەستراوە توانای ماددی زۆر گرنگە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی تۆمارکردنی ئەلبووم و وێنەگرتنی، ئینجا ڕۆڵی پروپاگەندە دێت کە بتوانێت بەرهەمەکە بگەیەنێتە جەماوەر و پێی ئاشنا بن و بتوانن دەستیان کەوێ بە شێوەیەکی یاسایی.

***هونەرمەند چۆن دەتوانێت شوێنی خۆی بکاتەوە لەنێو هەبوونی ئەم ژمارە زۆرەی هونەرمەنداندا؟**

-هەمیشە کاری هونەری کارێکی قورس بووە، چونکە ئەوەی گۆرانی دەڵێ بەر لە هەموو شتێك پێویستە خاوەن بەهرەی هونەری بێت ئینجا هەوڵ بدات چۆن ئەم بەهرەیە پەرە پێبدات و خۆی پێش بخات لە هەموو ڕوویەکەوە کە پەیوەندی بە هونەرەوە هەبێت، لەم سەردەمەی ئێستادا دەبینین ژمارەیەکی زۆر کەسی بەناو هونەرمەند لە گۆڕەپانەکەدا هەن و گۆرانی دەڵێن بێ ئەوەی هیچ بەهرەیەکی گۆرانی گوتنیان تێدا هەبێت وەك دەنگخۆشی یان توانای ئەدا کردن بەڵکو زیاتر ا خەریکی خۆ نمایش کردن و خۆ ڕووت کردنەوەن بۆیە بۆ کەسێکی خاوەن بەهرە ڕەنگە ڕێگای سەرکەوتن زۆر زۆر سەخت بێت، چونکە چەندین کەناڵ هەیە هەر شتێك هەبێت نمایشی دەکەن بێ ئەوەی هیچ پێوەرێکی هونەری یان لیژنەیەکی تایبەتیان هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ئەو کارانەی دەشێن یان ناشێن بۆ نمایش کردن، بەڵام جەماوەر لە کۆتاییدا دەتوانێت هونەرمەندەکان و نمایشکارەکان مەبەستم ئەوانەیە کە لە ڕێگای گۆرانی گوتنەوە خۆیان نمایش دەکەن جیا بکاتەوە، چونکە ئەوانە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش سەرکەوتوو بە لە بواری هونەریدا تەمەنیان کورتە.

*** بۆچی زۆربەی نمایشکارەکانی جلوبەرگی لوبنانی ڕوویان لە گۆرانی گوتن کردووە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- نمایشکردنی جلوبەرگیش جۆرێکە لە هونەر، چونکە ئەوەی ئەم کارە دەکات شارەزاییەکی دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەر، هەروەها زۆر لە کچە نمایشکارەکان هەوڵ دەدەن سوود لەو ناوبانگەی خۆیان وەربگرن کە لە نمایشکاریدا بەدەستیانهێناوە بۆ ئەوەی بەردەوام بن .

*** چی بەو کەسانە دەڵێی کە پێیان وایە کچە گۆرانیبێژە لوبنانییەکان زۆر جار هێڵی سوور دەبەزێنن؟**

- من نازانم مەبەستت لە هێڵی سوور چییە؟ ئایا ئەوەیە کە زۆر

سەرنجراکێشن دیارە خۆیان ئەم بەهرەیەیان هەیە،هەر کەسێکیش ئازادە بۆ خۆی چۆن گۆرانی بڵێ، بەڵام کەس ناتوانێ خۆی بەسەر جەماوەردا بسەپێنێت.

*** تۆ تا چەند سەرکەوتووی؟**

- من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ئەم پرسیارە لە جەماوەر بکەن سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی من تەنیا جەماوەر دەتوانی بڕیاری لەسەر بدات .

*** هونەرمەند مرۆڤێکی حەساسە هیچ لە گۆرانییەکانت رەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی تۆ بوون؟**

- مەرج نییە گۆرانی تەواو رەنگدانەوەی ژیانی هونەرمەند بێت، چونکە ئەگەر وابێت هەر گۆرانیبێژێك هاوسەری هەبێت نابێ هەموو جۆرە گۆرانییەك بڵێت بەتایبەتی بۆ ئێمەی رۆژهەڵاتی، بەڵام ئەگەر گۆرانی تا رادەیەك گوزارشت لە خەم و ناخۆشییەکانی ژیانی تایبەتی هونەرمەند بکات ئەوا بێگومان دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرکەوتووتر ئەدای بکات بەمەش کاریگەری زیاتری لە لای جەماوەرە دەبێت.



*** لە هەڵبژاردنی گۆرانییەکانتدا پشت بە چی دەبەستی؟**

- من زۆر گرنگی دەدەمە سەر چۆنیەتی ئەو کارەی پێشکەشی دەکەم، بۆیە هەمیشە لە بەرهەمەکانمدا ژمارەی گۆرانییەکانم کەمە، من نامەوێ زۆر گۆرانی لە بەرهەمێکدا پێشکەش بکەم کە سەر لە جەماوەر بشێوێ، با ژمارەی گۆرانییەکان کەم بێت، بەڵام لە ئاستێکی باشدا بن .

*** هەندێك هونەرمەند زۆر دەردەکەون تۆ ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی؟**

- زۆر دەرکەوتنی هونەرمەند مەرج نییە بۆ سەرکەوتنی یان بۆ ئەوەی لە جەماوەر نزیك بێت زۆر هونەرمەند هەن تەنیا گۆرانی سنگڵ پێشکەش دەکەن، کەچی لە ئاستێکی زۆر باشدان و جەماوەریشیان زۆرە.



*** هونەر و بازرگانی دوو کاری لێك نزیکن چۆن لێکیان دەدەیتەوە؟**

- نەك تەنیا لێك نزیکن بەڵکو من دەتوانم بڵێم هونەری جۆرێك لە جۆرەکانی بازرگانی، کەسێك ئەگەر پیشەی هونەر بێت ئاساییە ئەگەر بازرگانی بە هونەرەکەی بکات واتە بژێوی ژیانی خۆی پێ پەیدا بکات.

*** بیرت لە کاری نواندن نەکردۆتەوە؟**

- نەخێر لەبەر ئەوەی من ناتوانم لە بواری نواندندا کار بکەم ئەگەر کاریش بکەم ئەوا سەرکەوتوو نابم، بۆیە نامەوێ بیری لێبکەمەوە، هەرچەندە زۆر کەس پێم دەڵێن بۆچی بەشداری لە دراما و فیلمدا ناکەیت، بەڵام تەنیا دەمەوێ بە گۆرانی لە جەماوەری خۆم نزیك ببمەوە و بەسەریان بکەمەوە .

*** هەندێك لە هونەرمەندان ریکلام دەکەن بۆ کاڵا تۆ ریکلامت کردووە؟**

- بێگومان ریکلام لەرووی داراییەوە سوودێکی زۆری بۆ هونەرمەند دەبێت لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکەش سوودی لە ناوبانگی هەندێك کەس وەردەگرێت، من زۆر لە لام ئاساییە هونەرمەندێك بەشداری لە ریکلامی خواردنەوەیەکی گازیدا بکات، من تا ئێستا زۆر ریکلامم رەت کردۆتەوە لەبەر ئەوەی هەندێك شتی تێدا بووە لەگەڵ ناوبانگی من ناگونجێت و رەنگە زیانی زۆری پێ گەیاندبام ئەگەر پێی رازی بام.

*** تۆ گۆرانی هونەرمەندانی پێش خۆت گوتووتەوە؟**

- من پێموایە گوتنەوەی گۆرانیبێژانی پێشوو کارێکی زۆر ئاساییە، بەڵام تەنها لە ئاهەنگەکاندا نەك لە کلیپ وبەرهەمی نوێ، چونکە هەر گۆرانییەك بە خاوەنی خۆیەوە جوانە وکەسیش ناتوانێت وەك خاوەنی خۆی بیڵێتەوە.

*** گۆرانی دیتۆ چۆن دەبینی؟**

- دوو هونەرمەندکە گۆرانییەکی دۆیتۆ دەڵێن هەوڵ دەدەن سوود لە یەکتری وەربگرن بەتایبەتی لە لایەنی جەماوەرە، چونکە جەماوەری هونەرمەندەکەی تر لە خۆیان نزیك دەکەنەوە،زۆر جار دۆیتۆش سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنن .

*** ترس بۆ هونەرمەند چی دەگەیەنێت؟**

- نازانم مەبەستت چ ترسێکە، هونەرمەند تەنها ئەو کاتە دەبێ بترسێ کە ترسەکەی لە ئەنجامی پەرۆشی بێت بۆ هونەرەکەی.

*** چ وەرزێکت لە لاخۆشە؟**

-هەر وەرزێك تام وخۆشی خۆی هەیە.

*** هیوا و ئاواتەکانت چین؟**

- هیوا و ئاواتی هەر هونەرمەندێك ئەوەیە بتوانێت دڵی جەماوەری خۆی رازی بکات ئەویش لە رێگای ئەو گۆرانی و بەرهەمانەی پێشکەشی دەکات، هیوادارم بتوانم هەمیشە دڵی جەماوەری خۆم خۆش کەم و گۆرانی نوێ و خۆشیان پێشکەش بکەم، هیوادارم ئاشتی و ئارامی لوبنان و هەموو جیهان بگرێتەوە و گەلانی دونیا بە خۆشی و شادی بژین.



## فەرەیدون هەولێری:

# هونەرمەندان ناتوانن بەردەوام بن

ماوەیەکە هونەرمەند فەرەیدون هەولێری بەسەردانێك گەڕاوەتەوە شاری هەولێر بە مەبەستی تۆمارکردنی سیدییەکی نوێ کە سێیەمین سیدی خۆیەتی و لە ژمارەیەك گۆرانی نوێ پێکهاتووە سەبارەت بە کارەکانی خۆی و ڕەوشی ئێستای هونەری کوردی بڵاوبوونەوەی ستایلی غەیرە کوردی و گرفتی هونەرمەندانی کورد لەگەڵ کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوەی هونەری و حەیران و مەقامی کوردی و، چەند پرسێکی دیکە بەمشێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن.

سەرەتا دەربارەی هونەرمەندانی هەولێر و کاریگەرییان بەسەر ئەوەوە گوتی: کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر منەوە نەبووە، من دۆستایەتییەکی پتەوم لەگەڵ هەموویان هەبووە و بەردەوامیشە و هەموو هونەرمەندانیش بە برا گەورەی خۆم دەزانم هەمیشە گوێم بۆ رەخنە و پێشنیارەکانیان شل کردووە و رەخنەشم لە کەسیان نەگرتووە، چونکە هەر کەسێك ئازادە چۆن کار دەکات و دەبێ میللەت حوکم لەسەر کارەکانی بدات، تەنیا هەندێك جار رەخنەم لەو بارودۆخە گرتووە کە هونەری تێکەوتووە، بەڵام وەك هاندەر خۆشەویستیم بۆ میللەت و هونەرەکەم زیاتر هاندەر بۆ ئەوەی کاری هونەری بکەم.







**دەربارەی هونەری حەیران گوتن و گرنگی ئەو هونەرەش گوتی:** بە جددی بیرم لە حەیران گوتن نەکردۆتەوە، چونکە من بە ستایلێکی تایبەتی خۆم گۆرانی دەڵێم، هەروەها هەمووومان باش دەزانین حەیران رێچکەیەکی تایبەتی هەیە کە زۆر سەختە،ئیلهامێکی پتەو و راستگۆییە و دەبێ چۆن وەریبگری ئاواش بە ئەمانەتەوە بە پاکی بیدەیتەوە، بۆیە حەیران هونەرێکی رەسەنی کوردییە، کەڵێنیشمان نییە لەبواری مەقام و حەیرانبێژی زۆر بە توانامان هەیە کە بە رووحیەتێکی پاکەوە حەیران دەبێژن، بێگومان هەوڵمداوە چەند حەیرانێك بڵێم، بەڵام وەکو حەیرانبێژ ناتوانم بڵێم حەیرانبێژم و ئەو مافەش بەخۆم نادەم .

حەیران هونەرێکە هەموو کەس ناتوانێت خۆی لە قەرەی بدات، چونکە دابەشکردنی حەیران زۆر جیاوازە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی دیکە، حەیران گێڕانەوەی چیرۆکێکی دڵدارییە و پێویستی بە هەست و سۆزێکی پاك وتایبەت هەیە لەکاتی گوتنیدا.

**دەربارەی ئاشنا بوونی هونەرمەندان بە مەقامات و گرنگ مەقامیش هونەرمەند فەریدون هەولێری دەڵێ:** بێگومان زۆر گرنگە، چونکە مەقام بناغە و سەرچاوەی هونەرە هەموو هونەرمەندێك پێویستە مەقامات بزانێت و لێی شارەزا بێت، هیچ شەرمیشی تێدا نییە ئەگەر لە مەقامات شارەزا نەبێت هەوڵ بدات زانیاری لەسەر پەیدا بکات، من کە گەیشتمە ئەو ئاستەی تۆزێك لە مەقام بزانم زۆر پرسیارم کرد و زۆریشم دەربارەی مەقامات خوێندەوە و چەند کەسێکی شارەزای ئەم بوارە فێریان کردووم، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو هونەرمەندێك کە وا بتوانێت لە مەقامات بکۆڵێتەوە هەرهیچ نەبێت لە لێکدانەوەی مەقامات بزانێت، ئەوەی ئاگادار بم لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلبوومانەی ئێستا تۆمار دەکرێت گرنگی بە مەقام نادەن و پێیان وایە بە گوتنی مەقام لە ستایلی نوێ دوور دەکەونەوە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك راست نییە، هونەرمەند دەتوانێت لەناو گۆرانییەکی نوێدا مەقام بڵێت و زۆر ئاساییە ئەگەر لە سەرەتا یان لە کۆتایی یان تەنانەت لەناوەڕاستی گۆرانییەکەش مەقامێکی تێدا بێت، زۆر ئاساییە ئەگەر لە ١٠ تراك یەکیان مەقام بێت بێ ئەوەی ستایل تێك بچێت لە هەمان کاتدا بەهۆی ئەم مەقامەوە فرۆشتنی ئەلبوومەکەش زیاتر دەبێت، چونکە بتەوێ و نەتەوێ رێچکەی مەقام زۆر گرنگە و ئەوانەی نایانەوێ خۆیان لە مەقام بدەن دیارە

ترسێکیان لێی هەیە.

**دەربارەی لێکدانەوە و خوێندنەوەی هونەرمەندان بۆ ستایلە نوێیەکان و پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردیش هونەرمەند فەرەیدون هەولێری پێی وایە:** هونەری کوردی لە رەوشێکی زۆر لاوازدایە لەبەر ئەوەی گەیشتۆتە ئاستێك کە پێی بڵێن بێزار بوون، نەوەکانی ئێستا جۆرە ستایلێکیان بەخۆیانەوە گرتووە وادەزانن تەقلید کردنەوەیە، کەچی ئەمە شێواندنی هونەری کوردییە نەك تەقلید، تۆ دەتوانی هونەرێکی زۆر پاك پێشکەش بکەی گۆرانییەکی فۆلکلۆری زۆر کۆنی کوردی بهێنی و بە شێوازێکی نوێ پێشکەشی بکەی، دەتوانی ریتمی گۆرانییەکە بگۆڕی بەشێوەیەکی جوان ئەگەر دەهۆڵ و زوڕناش بەکار بهێنی دەتوانی بە ریتمەکە ستایلێکی نوێی کوردی بۆ بکەی لە دەنگ و میلۆدی، لە هەمان کاتدا تازەگەریشی پێوە دیارە، نموونەی زۆریشمان هەیە کە هونەرمەندی کورد زۆر بە جوانی تازەگەرییان کردووە، بەڵام روحییەتی کوردییان لەدەست نەداوە.

**فەرەیدون هەولێری پێی وایە تازەگەری پێویستە و لەم بوارەشەوە دەڵێت:** پێویستە تازەگەری بکرێت، ئێمە تاکەی لەنێو بازنەیەکدا بسوڕێینەوە، پێویستە ئەم بازنەیە گەورەتر و فراوانتری بکەین و کارێکی وا بکەین کە لەگەڵ رەوشی ئێستای دونیادا بگونجێت، بەڵام بەشێوەیەك نەبێتە هۆی شکستی هونەری کوردی نابێ بەهەر شێوەیەك بێت چاو لە گۆرانی و هونەری بیانی بکەی یان گۆرانی عەرەبی و بیانی بهێنین و بیدەینە بەر گوێی جەماوەری کورد کە کاریگەری زۆر سلبی دەکاتە سەر دوارۆژی هونەری نەتەوەی خۆمان، لە جیاتی ئەوە گۆرانییەکی کوردی بە ستایلێکی تازە و روحێکی پاك و بەشێوەیەکی جوان پێشکەشی بکە بەجۆرێك کە میللەتان ئیرەیی بە هونەری کوردی بەرن، نەك بە توانا و پارەی خۆت خزمەت بە هونەری بیانی بکەی ئەمەش گرفتێکی گەورەیە.

## ستایلی نوێ لە هونەری کوردیدا

**دەربارەی ئەوەی هەندێك کەس دژی بەکارهێنانی ستایلی نوێن لە هونەری کوردیدا لەکاتێکدا لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا و رۆژئاوا ئەمە زۆر ئاساییە، فەرەیدون دەڵێ:** ئێمەی کورد ساڵەهای ساڵە لەژێر حوکمی زۆردار و دیکتاتۆرەکاندا ژیاوین و ژێر دەستە بووین، ئێمە جلوبەرگ و کلتوور و فەرهەنگی و زمانی تایبەتی خۆمان هەیە کە جیاوازە لە میللەتانی تری جیهان و ناوچەکە، منداڵێکی کوردی کوڕە ئەنفال یان پاشماوەی کیمیابارانی هەڵەبجە بێت، گوناهێکی گەورەیە تۆ ئەمڕۆ گوێچکەی ئەم منداڵە بە گۆرانییەکی ستایلی عەرەبی یان تورکی و فارسی پڕ بکرێت، پێویستە ئەم منداڵە وا پەروەردە بکرێ کە کوردە و خاوەن هونەرێکی رەسەن وستایلێکی تایبەت و خاوەن روحیەتێکی پاکی خۆیەتی، بەڕای من ئەو کەسانەی بیر لە ستایلی عەرەبی و فارسی و تورکی دەکەنەوە دەبێ سەرەتا بیر لە چۆنیەتی پێشخستنی هونەری خۆیان بکەنەوە، من لەگەڵ تازەگەریم ئاساییە مۆسیقایەکی رۆژهەڵاتی یان رۆژئاوایی تێکەڵ بە مۆسیقای کوردی بکرێت، بەڵام بە ریتمی جیاواز و بە میلۆدییەکی کە روحیەتێکی کوردی تێدا بێت .

**سەبارەت بە سوود وەرگرتنی گەلان لە هونەری یەکتریش دەڵێ:** ئێستا لە زۆربەی وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان و تەنانەت لە ئوستترالیاش نای لە مۆسیقای خۆیاندا بەکاردەهێنن ئەمەشیان زۆر لە لا گرنگ نییە و هەست ناکەن بەم کارە مۆسیقای خۆیان تێکدەدەن یان دەشێوێنن، ئەوان کە نای بەکاردەهێنن تەنیا وەك جوانکارییەکە بۆ مۆسیقای رەسەنی خۆیان، بەڵام ناکرێ رەبابەیەك لەگەڵ حەیران بەکاربهێنی و لێك بدەی لە هەمان کاتدا دەکرێ کەمانێك یان عودێك بەکاربهێنی کە موڵکی کورد نییە، مامۆستای وامان هەیە بە روحییەتێکی زۆر کوردانە عود دەژەنن بە هەمان شێوە کەمان ژەنی زۆر سەرکەوتوومان هەیە، ناڵێم کاری تازە نەکەین، بەڵام با میلۆدی روحیەتی کوردی نەشێوێنێ، چونکە سیستەمی میلۆدیمان جیایە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە،من دەڵێم ئەو روحیەتەی عەرەب بەکاری دەهێنن با ئێمە لە گۆرانی کوردیدا بەکاری نەهێنین، زۆربەی هونەرمەندانی کورد لە دەرەوە کاری تازەگەری و جوان پێشکەش دەکەن.

## نەبوونی کۆمپانیای هونەری

نەبوونی کۆمپانیای هونەری لە کوردستان یەکێکە لەو گرفتانەی کە هونەرمەندانی کوردی هەراسان کردووە لەم بارەیەوە هونەرمەند فەرەیدون هەولێری دەڵێ: لێرەدا دوو لایەن بەرپرسن یەکەمیان وەزارەتی رۆشنبیرییە ئەویتریشیان میللەت خۆی بەرپرسە، چونکە ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری هەوڵ بدات یاسایەکی توکمە دەربکات بۆ نەهێشتنی دیاردەی ترسناکی کۆپی کردن و ئەو بودجەیەی کە سەرف دەکرێت بۆ ئەو هونەرمەندانەی خزمەتی هونەری کوردی دەکەن، ئەگەربێتو دەزگایەکی باش دابمەزرێت، ستۆدیۆیەکی باش دروست بکرێت و لە رێگای یەك کۆمپانیاوە بەرهەمەکان تۆمار بکرێن و هەر ئەو کۆمپانیایەش هەستێت بە ئەرکی دابەش کردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان بێ ئەوەی مافی هونەرمەند نەخورێت و نەکرێتە مەسەلەیەکی شەخسی، ئەو کاتە بێگومان ئەو دیاردەیە نامێنێ و هونەری کوردیش پێش دەکەوێ و هونەرمەندانیش دەتوانن شتی نوێ و باشتر پێشکەش بکەن .

سەبارەت بە میللەتیش دەڵێم هەر هونەرمەندێك ئەگەر شەونخونی بەکارەکەی خۆیەوە کرد و پێوەی ماندوو بوو وپارەی تێدا سەرف کرد، دەبێ میللەتیش ئەوەی لەبەرچاو بێت و سکی بەو هونەرمەندە بسوتێ، چونکە ئێمە لە ماڵەکانی خۆمان دوور دەکەوینە و چەندین شوێن دەکەین بۆ دۆزینەوەی تێکستێك و دانانی ئاوازێك، کات و پارەیەکی زۆر تەرخان دەکەین بۆ ئەوەی بەرهەمێك بڵاوبکەینەوە دەبێ میللەتیش بیر لەمە بکاتەوە نەك خەنجەرمان لێ بدەن، چونکە کۆپی کردن خەنجەرێکە لە پشتی هونەرمەند دەدرێت لەلایەن جەماوەری خۆیەوە، سیدییەك بە سێ هەزار دینار دەکڕێت لە هەمان کاتدا سەدان دانەی لێ کۆپی دەکات، ئەگەر جەماوەر هەست بەو بەرپسیارییەتییە بکات و حکومەتیش یاسایەکی تایبەت دابنێت و سزایەکی توندیش بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنێت کە ئەم کارە دەکەن، بەشێوەیەکی تۆماتیکی گرفتەکە چارەسەر دەبێت و کەسیش زیانی پێناکەوێت، بەپێچەوانەوە هەموو لایەك سوودمەند دەبین لە هەمان کاتدا خزمەتێك بە هونەری کوردی دەکرێت، ئەو کاتە ئاستی کارەکانی هونەرمەندانیش بەرزتر دەبێتەوە و بە ئومێد و دڵسۆزییەکی زیاترەوە کار دەکەین و دستبەرداری کاری هونەری نەبین، بەڵام وابزانم هیچ هونەرمەندێك ئامادە نییە نان لە دەمی منداڵی خۆی بگرێتەوە و لە سیدییەکدا سەرفی بکات بێ ئەوەی هیچ داهاتێکی بۆ هەبێت لە هەمان کاتدا لەپێش چاوی بە کۆپی کراوی لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت بێ ئەوەی بتوانێت هیچ وەڵامێکی هەبێت تەنها ئەوە نەبێت سەیری رەنج و ماندوو بوونی خۆی دەکات کە لەپێش چاوی بە فیرۆ دەچێت.

ئەگەر رەوشەکە هەروا بەردەوام بێت بێگومان هونەری کوردی زۆر بەرەو لاواز بوون دەچێت، تەها ئەو کەسانە دەمێننەوە کە مەبەستیان دەرخستنی خۆیانە یان تەنها وەك حەزێك گۆرانی دەڵێن و ئەوانەی کە کار بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی دەکەن بە دڵنیاییەوە دەڵێم ناتوانن بەردەوام بن.

**هونەری کوردی لە ئاستی بێزار بوون دایە و خزمەت بە هونەری بیانی دەکات**

## هونەرمەند بەکر عەلی بۆ گـــوڵان :

# نازانم هەوڵەکانی حکومەت بۆ پێشخستنی هونەر چییە؟

هونەرمەند بەکر عەلی لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست لەشاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، برای هونەرمەندان کەمال عەلی و محەمەد عەلی یە، ســاڵانێکە لە خزمەت هونەری کوردیدا دەرکەتووە و توانیوویەتی وەك ژەنیارێکی موسیقا بە ئاستیکی باشەوە لە شەقامی هونەری کوردیدا بوونی خۆی بســەلمێنێت، جگە لەوەی توانستێکی باش و ئەدایەکی خۆشــی هەیە لــە بواری هونــەری گۆرانی گوتندا ســەرەتاکانی دەرکەوتنیشـــی وەك هونەری گۆرانی دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی 1995 کە دوو بەرهەمی گۆرانی بە ناوی ((جێم مەهێڵە) و (تۆ مەسیحی ومنیش خاچی تۆپەرســتی) لە ستۆدیۆ سانا ســەفین خەراجیانی تۆمارکـــردووە ، ئەم دوو بەرهەمەش کلیـــپ کران بۆ کەناڵەکانی کوردسات گەلی کوردستان دوای ئەوەش لە سلێمانییەوە بەرەو تاراوگە کۆچ دەکات و لە ویشـــەوە پەیامە هونەرییەکەی خۆی بۆ ئاشقانی دەنگـــی دووبارە دەنێرتەوە  هونەرمەند بەکر عەلی ئیســـتا بە نیازی بڵاوکردنەوەی دووەم بەرهەمی ســـیدی خۆیەتی بەناوی چاوەڕوانی، بۆیە ئێمە بە چاکمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبکەین



دیمانە سۆران مارف کەریم
soran_marf1980@yahoo.com



*** هونەر بۆخۆی پەیامێکی گەورەیە بەڕێزتان هەتا چەندتوانیوتانــە ئەوپەیامە هونەرییەی کاری بۆدەکەن بیگەیەنن؟**

- هونەر بەهــرەی یەزدانە، بــەڵام بەهرەی گۆرانی وتن جیاوازە. بۆنموونە ئەگەر یەکێك ئـارەزوی ئامێرێکــی مۆســیقای هەبێت. هەوڵی فێربوونــی بدات لەوانەیــە بتوانێت فێرببێت، بــەڵام گۆرانی وتــن بەهریەکە دەبێــت لەومرۆڤەدا هەبێــت. هەموو کەس دەنگ خۆش نییە و هەمو میوزیك ژەنێکیش گۆرانــی بێژنییە بەڵام زۆربــەی میوزیك ژەنەکان توانای ئەدای گۆرانیان هەیە. من بە هەســتێکی پاك و ڕۆحێکی هونەرییەوە کارم کردووە ئیتر هەڵسەنگاندنی بەجێدەهێڵم بۆ گوێگر.

*** هەندێك لە هونەرمەندان چاوەڕێی حکومەت و دەســەڵاتن هاوکاریان بکات. تۆپێت وایە کاتی ئەوە هاتووە کــە هونەرمەندی کورد .چاوی لە هەوڵــو ماندوبونی خۆی بێت بۆ درێژەدان بە کارە هونەرییەکانی؟**

-من وەکو خۆم پشت ئەستور بەخۆم کارەکانم ئەنجامــداوە، خۆزگە وەزارەتی رۆشــنبیری یارمەتی هونەرمەندان بدات و کار ئاسانیان بۆ بکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، ڕێگریش بکات لە کۆپی کردنی بەرهەمەکان و ڕاگەیاندنیان بۆ بکات بەبێ جیاوازی.

*** حکومــەت هەندێك هەوڵــی جیددی بۆ پێشخســتنی هونــەری کــوردی داوە، تۆ تاچەند پێت وایە ئەو هەوڵانە جێگای خۆی گرتووە؟**

- بــەوورە من نازانم ئەو هەوڵانە چین لەلای حکومەتەوە دراون بۆ پێشخســتنی هونەری کوردی بەڕاســتی من شتێکی وام نەبیستوە و هەمــوو هونەرمەندانیش گلەیی و گازندە دەکەن. ئــەوەی من دەی بینــم ئەوەیە کە هەندێــك هونەرمەنــد ســوودمەندن لەلایەن دەسەڵاتەوە.

*** ئەگەر باس لە ئاستی گۆرانی و میوزیکی کوردی بکەین، تا چەند پێت وایە هەنگاوی باشی ناوە؟**

-بەڕای من هونەری کوردی لە چاو ساڵانی پێشــو هەنگاوی باشــی ناوە .چ لە ڕووی تەکنیکییــەوە یان چ لە ڕووی ســتایلەوە. گلەییەکی زۆر هەیە لەسەر میلۆدی بیانی لەناوگۆرانی کوردی دا. من پێم باشــەکە ســودمەند بین لــە هونەری بیانــی بەڵام پێویســتە لە مۆرکی کــوردی لانەدەین.بە پێچەوانــەوە من قەت لەگــەڵ ئەوەدانیم کە تەرجەمەی وشــەبە هەمــان میلۆدی بیانی دەقاودەق بووترێتەوە.

*** بەگشــتی هونــەری زۆر و بۆری کــوردی بەدی ناکەیت ؟ئەم ســتایلە نوێیەگۆرانی ڕەســەنی کوردی کاڵ ناکاتەوە؟**

- بەڵــێ زۆری و بــۆری هەیە، بەڵام ئەوەتان لە یاد نەچێــت هەتاکوکاری میوزیکــی زۆر هەبێت پێشــکەوتن و داهێنانی باشــیش دەبێت. من پێم باشە دوو ئەوەندی ئێستا گۆرەپانی کوردی پڕبێــت لە گۆرانی بێــژ. هەتا کاری باشــتر بێتە کایەوە. لــە هەمان کاتدا گوێگریش سەربەســت دەبێت گوێ لە کام لە گۆرانی و میلۆدێ دەگرێت.

*** هەندێــك هەتا ئێســتاش پێیان وایە خۆمان بە هونەری ڕەسەنەوە ببەستینەوە. تۆ تاچەند لەگەڵ ئەوە هاوبیرییەت؟**

-من وەکو پێستی باسم کرد کە ئێمە دەڵێین میلۆدی کوردی مانای وایە دەبێت فۆرمی مەقامــو میلۆدی خۆمــان هەبێت، من پێم باشــە ســوود لە میلۆدی بێگانە وەربگرین. بۆدەوڵەمەند کردنی فۆرمو میلۆدی کوردی هەتاکو ڕەسەنایەتی پارێزراوبێت.

*** هونەرمەنــدان لە کوردســتان گلەی لە حکومەت هەیە دەڵێن کــە زیاتر هاوکاری هونەرمەندانی تاراوگەدەکرێت. زیاتر لەوانەی لە کوردستانن. تۆدەڵێیت چی؟**

-ئەمــە دوورە لــە ڕاســتیەوە بەداخــەوە هونەرمەندانی کوردستان وابیردەکەنەوەچونکە بەبێ ئاگای ئەوقســانــە دەکەن .ئەوەی من بزانم نە من نەهاوڕێ هونەرمەندەکانی تر کە لە تاراوگەن هیچ هاوکاری نەکراون لەلایەن دەســەڵاتەوە و ئەوانەی یارمەتی دەدرێن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن

*** ئایــا ئێمــەی کورد گەیشــتوینەتە ئەو ئاستەی هونەری جیهانیمان هەبێت؟**

- بەجیهانی بونی هونەر کارێکی ئاسان نییە ئەگەر لە ڕووی مۆســیقاوە باس لە جیهانی بــوون بکرێت پێویســتە میللەتانــی جیهان گوێبیستی مۆســیقای کوردی و میلۆدی کــوردی بن و ســتایلی میوزیکی کوردی بناســنەوە لەناو میلۆدی مۆسقای جیهاندا. بەداخەوە ئەمە هەتا ئێســتا ڕووی نەداوە بەم پێیەش هێشتا زووە بۆ بەجیهانی بوون.

*** تۆ شــارەزایت لە بواری میوزیکدا هەیە، گە لــە هونەری گۆرانی وتن ، تاچەند پێت وایــە گۆرانیبێژ دەبێت شــارەزایی هونەری میوزێك بێت؟**

- هونــەری مۆســیقاو شــارەزابوونی و ڕۆشنبیری هونەری دوو فاکتەری سەرەکین هونەرمەندی گۆرانیبێژ، بەڵام لەلام ســەیرە گۆرانی بێژێك ئامێرێکی مۆسیقا نازانێت ئەم ئاوازە چۆن دادەنێت کە هیچ شارەزاییەکی لە تۆنی مۆسیقاوتۆنی دەنگی خۆی میلۆدی مقام....هتد نابێت فێربونی ئالەتێکی مۆسیقا بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ ســەرچاوەیە بۆ بەمۆســیقابوونی ژێیەکانی دەنگ هەروەها باشبوونی هەســتی گۆرانی وتن و مەقام و دانانی ئاوازە.

*** ئێســتا پرۆژەی هونەریــت چییە ئەگەر بکرێت بە وردی ئاماژەی بۆ بکەیت؟**

-مــن نزیکــەی ســێ ســاڵە ســەرقاڵی بەرهەمێکی نوێم بەناوی (چاوەڕوانی) کە لە ٩ تراك ی گۆرانی پێك هاتووە، لەراســتیدا بە دوای کۆمپانیایەکدا دەگەڕێم کە کاری بڵاوکردنەوەیم بۆ بکات ، سەرجەم ئاوازەکان هــی خۆمن و کاری میزیکیشــم لە چەند ستۆدیۆیەکی جیاواز بۆ کردووە.

*** بەڕێزتــان لــە ڕابــردوودا کۆمەڵێك بەرهەمــی جوانتان خســتە نێو ئەرشــیفی هونەری کوردییەوە بــۆ گرنگیت بە کاری کلیپ نەدا؟**

- مــن دەتوانم کارەکانم ئامــادە بکەم وەك میوزیك وگۆرانی، بەڵام لە ڕاستیدا کلیپ کردن کاری مــن زۆر هەوڵم دا کە کلیپ بکەم، بــەڵام هاوکاری نەکــرام ، هاوڕێ یەك کە دەرهێنەرە لە ســلێمانی بەڵێنی پێدام کە کلیپێکم بۆ بــکات گۆرانییەکەی لێ وەرگرتم ڕۆیشت نەم بینیەوە، پێم خۆشنیە کە ناوی بێنم

*** هونەرمەنــد (کەمال عەلــی )هەتاچەند کاریگەری لەسەر کارەکانت هەبووە؟**

-مــن و هونەرمەند کەمال عەلی ڕاســتە هەردووکمان براین لــە ماڵێکدا گەورەبووین بەڵام لە بواری هونەریدا دووهاوڕێی یەکترین و زۆر هاوکاری یەکتر دەکەین.

**با لە هونەری بیانی سوودمەندبین بەڵام لە مۆرکی کوردی لانەدەین**